Kurdiname Akademik

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Uluslararası Kurdiname Dergisi
International Journal of Kurdiname

Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî
Jimar: 12 Nîsan 2025

International Journal of Kurdiname
Issue: 12 April 2025

https://dergipark.org.tr/en/pub/kurdiname **E-ISSN-**2687-5438

# بنەماكانی شیعری زیندان لە دەقی بۆ شەش پەپوولەكەمی كاكەی فەلاح

Bingehên helbesta zindanê di helbesta 'Ey Şeş Perîlokên Min' ya helbesta Kaki Felah de

The foundations of prison poetry in the poem ‘O My Six Butterflies’ by the poet Kaki Falah

Şair Kaki Falah’ın ‘Ey Altı Kelebeklerim’ şiirindeki hapishane şiirinin temelleri

أسس شعر السجون في قصيدة يا فراشاتي الست للشاعر كاكەی فەلاح

Surood Weli ISMAEL AL-JAF•

**Article Type:** Research Article // Gotara Lêkolînî
**Received // Hatin:** 05.08.2024
**Accepted // Pejirandin:** 20.09.2024
**Published // Weşandin:** 30.04.2025
**Pages // Rûpel:** 167-179
**DOI:** 10.55106/kurdiname.1528790

This work is licensed under the Creative Commons Attribution-NonCommercial 4.0 International License (CC BY NC)
https://creativecommons.org/licenses/by-nc/4.0/

**Citation/Atif:** Ismael Al-Jaf, Surood Weli بنەماكانی شیعری زیندان لە دەقی بۆ شەش پەپوولەكەمی كاكەی فەلاح 2025, Kurdiname, 12, r. 167-179

**Plagiarism/Întîhal:** This article has been reviewed by at least two referees and scanned via ithenticate plagiarism website // *Ev gotar herî kêm ji alîyê 2 hakeman va hatiye nirxandin û di malpera întîhalê ithenticate ra hatiye derbaskirin.*

**پوختە**

ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵێكە بە ئاراستەی ناساندنی بنەما سەرەكییەكانی شعری زیندان، بەو پێیەكە ئەم جۆرە شعرە دەرخەری لایەنی دەروونی و ناخی شاعرە، و هەروەها گوزارشت دەكات لە سۆزی دووری لە كەسوكار و خۆشەویستانی و هەروەها زیندان ژینگەیەكی بێدەنگە و دوورە لە جەنجاڵی، بۆیە زەمینەیەكی لەبارە بۆ بیركردنەوەی شاعر لە نەهامەتی و گوزەرانی لە زیندان و بیركردنەوە لە ڕزگاریی. لەم سۆنگەیەوە لێكۆڵینەوەكەمان بۆ دوو پار دابەشكرد، لە پاری یەكەمدا تیشكمان خستەسەر پێناسە و چەمكی زیندان بەشێوەیەكی گشتی و لە دوو وەچەپاردا پێناسەی زیندان و شعری زیندانمان كرد و مەرجی شعری زیندانمان خستەڕوو، و لە پاری دووەمیشدا باسمان لە ڕەنگدانەوەی بنەماكانی شعری زیندان كرد لە قەسیدەی (شەش پەپوولەكەم)ی شاعری كورد (كاكەی فەلاح)كرد، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشت لە كۆتای لێكۆڵینەوەكەدا.

**وشە كلیلكان** : بنەما، شیعر، زیندان، دەق، شەش پەپوولە

**Abstract**

This research, entitled The Foundations of Prison Poetry in the Poem (Oh My Lady Butterflies) by the poet (Kaki Falah), seeks to define and analyze the basic principles of prison poetry, by describing this type of poetry that reveals the psychological aspect of the poet, just as the poet expresses his emotions through it. Passion for his distance from his family, loved ones, and longing and yearning for them, and given that prison is a fertile environment for the poet to think about the ordeals and pain that befell him and his life in the darkness of prisons, as well as thinking about liberation from it. From this standpoint, we divided the research into two sections. In the first section, we dealt with a definition of the concepts of prison and prison poetry and the conditions of prison poetry, in two topics: The first topic: Definition of prison and the second topic: Definition and concept of prison poetry. In the second section, we mentioned the foundations of prison poetry and how it was employed by the Kurdish poet (Kaki Falah) in his poem entitled (Oh My Six Butterflies) in three demands: the first demand: the

College of Education – Ibn Rushed for Human Science, University of Baghdad, Baghdad, Iraq, surood.weli@ircoedu.uobaghdad.edu.iq, https://orcid.org/0000-0001-8193-2413

psychological dimension, the second demand: the emotional dimension, and the third demand: the ideological demand.

**Keywords:** foundations, poetry, prisons, poem, my six butterflies

**Kurte**

Ev lêkolîn, di Helbesta Helbestvan (Kaki Felah) de armanc dike ku bi ravekirina vê cureyê helbestê ku aliyê derûnî yê helbesta zindanê radixe ber çavan û vekolîne. Çawa ku helbestvan hestên xwe bi wê tîne ziman. Hesreta dûrbûna wî ji malbat û hezkiriyên xwe, hesret û hesreta ji bo wan, ji ber ku girtîgeh jî ji bo helbestvan jîngeheke bi bereket e ku li ser êş, êş û jiyana ku di tarîtiya zindanan de derbas bûye bifikire. , dema ku ew difikirî ku wî xilas bike. Di vî warî de me lêkolîna xwe kir du beş. Di beşa yekem de me behsa pênaseya têgehên helbesta zindan û zindanê û şert û mercên helbesta zindanê kir di bin du sernavan de: Mijara yekem: Pênaseya zindanê û mijara duyem: Pênas û têgeha helbesta zindanê. Di beşa duyem de, me bingehên helbesta zindanê û çawaniya bikaranîna helbesta helbestvanê Kurd (Kaki Felah) di helbesta xwe ya bi navê (Ax Şeş Perwan) de, bi sê daxwazan rave kir: Daxwaza yekem: pîvana derûnî, daxwaza duyem. : aliyê hestyarî û daxwaza sêyem: daxwaza bîrdozî.

**Kilîtbêje:** bingeh, helbest, zindan, helbest, şeş bilbilên min

**Özet**

Bu araştırma, hapishane şiirinin psikolojik yönünü ortaya koyan bu şiir türünü anlatarak, hapishane şiirinin temel ilkelerini tanımlamayı ve analiz etmeyi amaçlamaktadır. Şair, tıpkı şairin duygularını onun aracılığıyla ifade etmesi gibi. Ailesinden, sevdiklerinden uzaklığının verdiği tutku, onlara duyulan özlem ve özlem, hapishanelerin şairin zindanların karanlığında başına gelen çileleri, acıları ve hayatını düşünmesi için de verimli bir ortam olduğu göz önüne alındığında, ondan kurtulmayı düşünürken. Bu açıdan araştırmamızı iki bölüme ayırdık. Birinci bölümde cezaevi ve cezaevi şiiri kavramlarının tanımını ve cezaevi şiirinin koşullarını iki başlıkta ele aldık: Birinci konu: Cezaevi tanımı ve ikinci konu: Cezaevi şiirinin tanımı ve kavramı. İkinci bölümde hapishane şiirinin temellerini ve Kürt şairin (Kaki Falah) (Ah Altı Kelebeklerim) adlı şiirinde bu şiiri nasıl kullandığını üç taleple anlattık: birinci talep: psikolojik boyut, ikinci talep. : duygusal boyut ve üçüncü talep: ideolojik talep.

**Anahtar Kelimeler:** vakıflar, şiir, cezaevleri, şiir, altı kelebeğim

**ملخص**

يسعى هذا البحث الى تعريف و تحليل المبادئ الاساسية لشعر السجون، بوصف هذا النوع من الشعر يكشف عن المنحى النفسي للشاعر، كما يعبر الشاعر من خلاله عن عواطفه الجياشة لبعده عن أهله وذويه وأحبابه والحنين والتشوق والتوق اليهم، وباعتبار السجن هو بيئة خصبة ليفكر فيه الشاعر عما أصابه من المحن والآلام و عيشه في غياهيب السجون، وكذلك التفكير عن التحرر منه. من هذا المنطلق فقد قسمنا البحث الى مبحثين، في المبحث الأول تناولنا تعريفا لمفهومي السجن و شعر السجون وشروط شعر السجون، وذلك في مطلبين: المطلب الأول: تعريف السجن والمطلب الثاني: تعريف ومفهوم شعر السجون، وفي المبحث الثاني ذكرنا أسس شعر السجون وكيفية توظيفها من قبل الشاعر الكوردي (كاكةي فةلاح) في قصيدته بعنوان (يا فراشاتي الست) وذلك في ثلاثة مطالب، المطلب الأول: البعد النفسي، والمطلب الثاني: البعد العاطفي، والمطلب الثالث: المطلب الأيديولوجي.

**الكلمات المفتاحية** : اسس ، شعر ، السجون ، قصيدة ، فراشاتي الست

## پێشەکی:

شیعری زیندان، وەك بەشێك لە پێكهاتەی مێژووی ئەدەبی، بەشێوەیەكی بەرچاو نەبۆتە جێی باسوخواستی شاعیر و ڕەخنەگران، لەگەڵ ئەوەی دیاردەی زیندانیكردن خاوەنی مێژوویەكی دێرینە، و هەروەك شێواز و فۆڕمی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام وەكو چەمكی زیندان واتا زەوتكردن و لێسەندنەوەی ئازادی. لەناو مێژووی كورددا چەندین كەسایەتی خاوەن هەڵوێست و نیشتمانپەروەر دووچاری زیندان هاتوون، لەناویاندا شاعیرانیش، كە بەهۆی دەقی نیشتمانی و هەڵوێستیی نەتەوەییەوە بەرەوڕووی ئەو دیاردەیە كراونەتەوە.

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:** ئامانجی لێكۆڵینەوەكە بریتییە تیشك خستنەسەر چەمكی شیعری زیندان و ئەو ڕەگەزانەی دەبنە كۆڵەكەی سەرەكی بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە، لەگەڵ پراكتیزەكردنی تیۆرەكانی بەسەر قەسیدەی ناوبراودا.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:** بەگشتی بەپێی سروشتی لێكۆڵینەوەكە، پشتمان بە ڕێبازی وەسفی شیكاریی بەستووە، ئەویش لە ڕێگەی شیكاریی تەواوی ئەو بڕگانەی لە قەسیدەكەدا ئاماژە بۆ ڕەهەندەكانی زیندان دەكەن.

**پرسگەلی لێكۆڵینەوە:** ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- ئایا چەمكی شیعری زیندان چییە؟
- هەتا چ ئاستێك ڕەگەزەكانی شیعری زیندان بوونەتە هەوێنی شیعرهۆنینەوە لەلای كاكەی فەلاح؟
- ئایا قەسیدەی (**شەش پەپوولەكەم**) هەتا چەند لە ژێر كاریگەری زیندان و ئازارە دەروونی و جەستەییەكاندا نووسراوە؟

**پلانی لێكۆڵینەوەكە:** بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارگەلی لێكۆڵینەوەكە و پەرچڤەی تانوپۆی باسەكە، لێكۆڵینەوەكەمان بەم جۆرە دابەشكرد:

**پاری یەكەم:** چەمكی زیندان:

**وەچەپاری یەكەم:** پێناسەی زیندان.

**وەچەپاری دووەم:** چەمكی شعری زیندان.

**پاری دووەم:** بنەماكانی شعری زیندان لە شیعری (شەش پەپوولەكەم)

**وەچەپاری یەكەم:** بنەمای دەروونی (سایكولۆجی)

**وەچەپاری دووەم:** بنەمای سۆزداریی

**وەچەپاری سێیەم:** بنەمای ئایدیۆلۆجی لە كۆتایدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە ڕوو كە لێكۆڵینەوەكە پێی گەیشتووە.

**پاری یەكەم:** چەمكی زیندان وشعری زیندان:

**وەچەپاری یەكەم:** پێناسەی زیندان زیندان بریتییە لە قوتابخانەیەكی چاكسازیی و بەرهەمهێنانی مادیی، یەكێك لە بیریارەكان كە (العقاد)ە پێی وایە كە زیندان "بریتییە لەو شوێنەیكە بۆ دەستبەسەركردنی

دیلەکان بەکار دێت یان ئەوانەی حوکم دراون، دواتر بۆتە شوێنێك بۆ ڕزگاربوون لە هەندێ لەو کەسانەیکە نەفرین لێکراو بوون یان لەمپەر بوون لەبەر دەم خاوەن دەسەڵاتەکاندا"(المعوش، 2003: 35).

کەواتە زیندان قوتابخانەیەکی ڕاهێنانە لەسەر ڕەفتار و ئەدەبی مامەڵەکردن و دەستگرتن بە یاساوە، کە حوکمەت هەندێ لەو کەسانەی تێدەخات کە لە یاسا دەردەچن یان لە حوکمی ئەو دەسەڵاتە یاخی دەبن.

بۆیە دەبینین کە توێژەرێکی دیکە پێی وایە کە زیندان "دامەزراوەیەکی سزاییە کە ئامانجی ڕاگرتنی تاوانبارە و دواتریش سزادانی و گلدانەوەی وێڕای پەروەردەکردنی " (المعوش، 2003، 35).

لێرەوە زیندان بریتییە لە ڕێگەگرتن لە ئازادی تاکێك ئەویش لە ڕێگەی ئەوەیکە بخرێتە نێو دامەزراوەیەکی سزایی پەروەردەیی کە تایبەتە بە تەمێکردن و ڕاهێنان و وازهێنان لە تاوانەکەی، هەتا ئەوەی ڕێگری پیادەکردنی ژیانی ئازادانەیشی لێدەکرێ و لەنێوان چوار دیواردا ژیان بەسەر دەبات. واژەی (زیندان) دەمانبات بەرەو جیهانی تەنهایی و دابڕان(RIK ZEBARI, BR Huseein,2024, 461)، بۆیە چەند جۆر و شێوازێك لەخۆ دەگرێ، ئەگەر وەك دامەزراوەیەکی سزایی تەماشای بکەین ئەوا دەکرێ بیکەین بەدوو بەشەوە:

1. تەلارێکی فراوان: ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەن پلەو پایەن لە دەوڵەتدا.
2. شوێنێکی تاریك و قوڵی پیس: ئەم شوێنە بۆ زیندانیکردنی کەسانی ئاساییە بەتایبەت تاوانباران لەلایەن دەوڵەتەوە (فصيح، 2008: 13).

جۆرێکی دیکە بریتییە لە زیندانی واتایی، کە لە خەیاڵ و هزری شاعیراندایە، لە دەروون و ناخدایە، و هەندێجار لە ناو کۆمەڵگەدایە و هەندێجاری دیکەش لەناو تەلارێکی ڕاستەقینەیەدایە (فصيح، 2008: 14). چونکە هەندێجار شاعر هەست دەکات لە زینداندایە کەچی لە واقعدا لەنێو کۆمەڵگەدایە، بەڵام وەك نامۆیەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، وەك ئەوەی لە زیندانی ناخی خۆیدا بێت و تەنها هەست بە غەمگینی بکات.

**لێرەوە دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە زیندانە سێ جۆرە:**

1. **زیندانی دەروونی:** شاعیر لەنێوان خود دەروونیدا نامۆ دەبێت و خۆی لە زۆر شت دەگرێتەوە.
2. **زیندانی نێو کەس و کار و خوێش:** شاعیر دەکەوێتە بەرداشی نێوان کەسوکار و خوێش و کۆمەڵگەوە لەبەر ئەوەی تەنها هەست بە غەمگینی خۆی دەکات، هەندێجار کۆمەڵگە وایلێدەکەن کە ئەو هەستە پەیدا بکات.
3. **زیندانی تەلاری ڕاستەقینە:** شاعیر لەنێوان چەند دیوارێکدا دەژی، هەروەك لێرەدا زیندان وێنای جۆراوجۆر دەنوێنێ بەهۆی دەرگاوانی زیندانەکەوە یان بەهۆی هەلومەرجگەلێکی ڕەهاوە (فصيح، 2008: 14).

بۆچوونی جودا هەیە لەمەڕ تێگەیشتن لە چەمکی زیندانەوە، بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی زیندان شوێنێکە تێیدا دەست بەسەر ئازادی مرۆڤدا دەگیرێت، و ڕێگری لێ دەکرێت لە پیادەکردنی ژیانی ئاسایی خۆی.

**وەچەپاری دووەم: شعری زیندان:** ئەو شعرەیە لە تاریکایی زیندانىدا دەئافرێت، لە ناو کرۆکی ئەو ئازارە شاراوەیەیکە خۆی لە دەروونی زیندانییەکاندا حەشارداوە، ئەم جۆرە شعرە گوزارشت لە ئازار و نەهامەتی و خەمە وابەستەکانی شاعری زیندانی دەکات. کە هەرگیز بۆ ساتێکیش لێی جودا نابێتەوە.

هەروەك " شعری زیندان وێنای جۆرێك لە جۆرەکانی بەرگری دەکات بە خامە و جەستە و یەکێکە لە نیشانەکانی ڕەختیی و بەتوانایی چونکە پابەندە بە بەمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بەرگری لە کۆڵەکەکانی دەکات لە پێناو ڕزگاریی بە گیانێکی باوەڕداریی و پرکێشییەکی شەهیدبوون" (زغینە، 2006، 103). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بابەتی شعری زیندان بریتییە لە خودی زیندان و ئەوەی پەیوەستە پێیەوە. ئەو ڕەخنەگرانەی قسەیان لەسەر شعری زیندان کردوە جیاوازی ئەوتۆیان نییە، "پەسنی وردی ژیانی زیندانە لە سەردەمە جیاوازەکاندا کە تیایدا جوانترین و ناوازەترین تێرامان و بیرۆکە دەبینرێ بۆ جەماوەری چەوساوە لە شاعران و نووسەران، چونکە هەردەم زایەڵەی کۆت و بەندەکان سنووری دیوای زیندانەکان تێدەپەڕێنن بۆئەوەیکە بگاتە گوێمان و بگاتە قوڵایی ناخمان و بیهەژێنێ"(دیر- جحام، د.س: 14). چونکە لە تاریکیی زیندانىدا شاعر تەنها پەی بە خامەکەی دەبات، و لە گەرمەی تامەزرۆیی بۆ ئازادی و ڕووناکی خۆر خۆی دەبینێتەوە کە نقوم بووە لەو ئارا تاڵەیکە تێیدایەتی، بۆیە هەردەم دەیەوێ لەو تەنهاییە و ئارا قورسە خۆی بدزێتەوە ئەویش لە ڕێگەی وێناکردنێکی ڕاستگۆیانەی ئەزموونی زیندانیی و دانبەخۆداگرتن و ئومێد و پاڵەوانێتی و ڕووانینە ئاسۆ، بۆیە ڕەخنەگران پێیان وایە کە شعری زیندان توانیوێتی بچێتە نێو توونێلە شاراوەکانی زیندانەوە و وێنای دەروونی شاعری زیندانی بکات کە بەڕووی ستەمدا وەستاوە و هەموو شێوازەکانی سەرشۆڕی ڕەتکردۆتەوە ZEBARI, R.I.K , HUSEEIN. B. R, ABDULRAHMAN. L. M, (AMEEN, S. T. M,( 2022).129)، چونکە لە ڕاستیدا شعری زیندانی "زیاتر گوزارشت لە حاڵەتێکی گشتیی دەکات زیاتر لە حاڵەتی تاکگەرایی و شاعری زیندانیش وێنەیەکی بچووککراوەیە کە نەهامەتی گشتەکە بەرجەستە دەکات"(فصیح، 2008: 14). هەروەك بەڵگەیەکی مێژووییە بۆ ڕاستیی و لێبوردن و بابەتێتیی(زغینە، 2006: 103)، چونکە خاوەنی زیندانەکە زۆردارێکە کە هیچ باکی نییە لەوەیکە ئەو مێژووە بسڕێتەوە کە شاعر باسی دەکات بۆیە هەموو توانای خۆی دەخاتەگەڕ لە پێناو زاڵبوون بەسەر قوربانییەکەیدا جا بە کوشتن بێت یان بە بێبەشکردنی لە کاغەز و قەڵەم. باسوخواستی زیندان یان باسی نەهامەتیی کارەساتە، یان چاکسازیی تۆڵەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەنگێکە لە یاخیبوونەوە دێتەدەرێ و دەنگی ژیانێکی کاریگەرە بە ململانێی توند، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ دوالیزمەکانی بوونەوەر، کاتێك کە شاعر دەبێتە چەقی ئەو ململانێیە ئەوا هەموو هەست و سۆزی دەخاتە گەڕ بۆ وێناکردنی هەموو تانوپۆکانی ئەو ململانێیە.

تاکە مەرجی شعری زیندانی ئەوەیە کە دەبێت شاعر لەناو زیندانىدا نووسیبێتی، بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگران بە (خەرمانی زیندان) ناوزەندی دەکەن، هەروەك ڕەخنەگران بە ڕاستگۆترین شعری ناودەبەن چونکە شاعری زیندان خودی خۆی سەرجەم ئەو نەهامەتییانەی چەشتووە و ئەزموونێکی ناخۆشی لە زیندانىدا بەسەر بردوە، بۆیە خاوەنی ڕاستگۆترین هەستە و بە جوانترین شێوە و شعر و هۆنین وێنای دەکات. (الحیدری، http://www.tunipresse.com ، 2001/9/16).

**پاری دووەم:** بنەماکانی شعری زیندان لە شیعری (شەش پەپوولەکەم)

**وەچەپاری یەکەم: بنەمای دەروونی:** بارێکی پەیوەستە بە هەلومەرجی زیندانییانەوە لە هەست و سۆزی جودا بەرامبەر بە زیندان و بارودۆخی خۆیان تیایدان، لە نێوان هەستکردن بە نەهامەتی و بەڵا و نارەحەتی، و گۆڕانی باری سەربەرزی بە ژێردەستەیی(29 Zebari, R. I. K., ve Babayiğit, M. V., (2022).)، یان چاوەڕوانیی مەرگ تێیدا (البزرە، 1985: **504**)، ئەم بنەمایە بەڕوونی لە قەسیدەی **(بۆ شەش پەپوولەکەم)( 1 )ی (کاکەی فەلاح)دا** دەبینین، کاتێك بێدەسەڵاتیی و دووری لە جگەرگۆشەکانی هەلومەرجێکی دەروونی نالەباری

1. ئەم قەسیدەیە، لە ساڵی 1964 دا لەلایەن شاعرەوە هۆنراوەتەوە، کاتێك لە تاریکیی زیندانەوە ئاگری جگەر هەڵیدەگرێت و تامەزرۆیی بۆ جگەرگۆشەکانی دەگاتە ترۆپك. **(بڕوانە: پێشەکی دیوانی کاکەی فەلاح، 2).** بۆ دەخولقێنێ، بەجۆرێك کە بەسەربردەی هەموو یادگارییەکانی لەگەڵ جگەرگۆشەکانیدا دەچێتەوە، ئەم بارە دەروونییە نالەبارەی زیندان بە ڕوونی لە بڕگە جیاوازەکانی قەسیدەکەدا

**بەرجەستە دەبێت:**

شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم

هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم

هەر بۆ ئێوە لێو بەباری خەمم

بولبولی بەستەی گریە و ماتەمم

هەر وەکو پایز ڕەنگ زەردی ئێوەم

ناخی دەرون پڕ لە دەردی ئێوەم

خەمی ئێوەیە خەو و خۆراکم

شەوی تاریکە ڕۆژی ڕووناکم

بەرد ئەسووتێنێ گەرمی هەناسەم

بەسۆزی دڵو ئاگری تاسەم

هاوار و ناڵەی مات و بێ دەنگم

خورپە و لێدانی دڵەکەی تەنگم (دیوان، 2004: 76)

**لەم کۆپەلەیەدا لە سێ لاوە وێنای دەروونی ناهەمواری خۆیمان بۆ دەکات:**

1. کە خەمی دووری جگەرگۆشەکانی زۆری بۆ دەهێنێت، پەنا بۆ گریان دەبات وەك بولبولێکی تەریکی ناو قەفەس، کە دەرەتانی نەماوە جگە لە گوزارشتکردن بە دەنگە بەسۆزەکەی.. کەواتە لێرەدا شاعر پەنا بۆ دەنگی دەبات بۆ گوزارشتکردن لە دەروونی.

2. ڕەنگدانەوەی خراپی دەروونی لە ڕەنگ و ڕووی شـــاعردا، ئەوەتانێ خۆی دەچوێنێ بە پایز و دەڵێت: وەکو پایز چۆن گەڵای زەردی لێ هەڵدەوەرێت و بێهێز و لاواز و توانست دەبێت، منیش سـات لەدوای سـات لاواز دەبم و پایزئاسـا ڕەنگم زەرد و بێهێز بووم، ئەوەش بێگومان لەوەوە سـەرچاوەی گرتووە کە خەو و خۆراکم بۆتە بیرکردنەوە لە ئێوە و ئازاری دووریتان بڕسـکی لێبڕیوم، نان و ئاوم بۆتە بۆتە خەمی دووری ئێوە و بەری ئاسـۆی دیتنمی ڕەش و تاریك کردوە و ڕۆژی ڕووناکی لێکردووم بە شـــەوی دەیجور، هەر ئەوەنـدەش نـا.. بەڵکو قوڵپی گەرمی هەناسـەم بەجۆرێکە بەرد ئەسـووتێنێ و ئاگری تاسـە و تامەزرۆیم بۆتان لەم زیندانەوە تەواو لاوازی کردووەم.
3. شاعر کە دەزانێ هیچ کام لەو دوو گوزارشتەی سەرەوە دادی نادات، ئەوەتانێ ئازاری دەروونی کپ و مات و بێدەنگی دەکات و ئیتر هێزی گریان و هاواریشـــی نامێنێ بۆیە هاوار و ناڵەکەی کپ و بێدەنگ دەبێت.

لێرەدا، ڕەنگە شـاعر بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەر بووبێت بە شـاعری کلاسـیکی (مەحوی)، کاتێك دەڵێ:

دەرسـی عیشـقم هەر لە کن پەروانە یا بولبول بووە بیگەمێ یا نەیگەمێ هەر مەدحی ئوسـتادێ دەکەم (دیوان، د.س: 410) واتا: بە گوزارشت کردن لەدەست ئاهوناڵەی عیشق، پەنا بۆ دوو ڕێگە دەبەم:

1. پەروانە: کە بێدەنگە و بە بێدەنگی خۆی بەدەوری مەعشوقەکەی کە (ئاگرە) دەسووڕێتەوە، هەتا دەکەوێتە ناوی.
2. بولبول: کە بەدەنگی خۆش و ئاوازی شیرین گوزارشـت لە باری عیشـقی خۆی دەکات. (دیوان، د.س: 410).

**وەچە پاری دووەم: بنەمای سـۆزداریی:** لەم بنەمایەدا شـاعری زیندانی هەڵچوونەکانی سـەردەکەن، و خەیاڵی دیوارە ئەسـتوورەکانی زیندان و دەرگا قەپاتکراوەکەی تەی دەکات و بەرەو زادگا و خوێشـانی، بەرەو ئەو ساتانەی هەموو هەولّو کۆشیی بۆ خۆشبەختی و خۆشنوودی خوێشانی بووە (البزرە، 1979: 215).

بەهەمان شێوە ئەم بنەمایە بە ڕوونی لە قەسیدەی ناوبراودا بەدی دەکەین:

شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم

هەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخەکەم

من باخەوانی باخی ئێوە بووم

داخی سەر دڵی داخی ئێوە بووم

باخچەم ئەکێڵا بە برژانگی چاو

تك تك ئارەقم بۆ ئەکرد بە ئاو

بە تاسەی دڵ و سۆزی گیانەوە

بەهەشتی ئێوەم ئەڕازانەوە

تا ماندوو بکەن جووتە باڵەکان

بۆسەر گەڵای سەوز گوڵە ئاڵەکان

تا گەشت و سەیران ئێر و تەسەل بێ

شوێن حەسانەوە سەر لق و پەل بێ

هەڵمژن بۆن و بەرامەی خۆش خۆش

ئاونگ لە پەڕەی گوڵا بکەن نۆش

ڕۆژ بەسەر بەرن لە باوەش گوڵدا

شەویش لە کۆشی گەرمی توێی دڵدا

ئای لەو ئارامە، ئای لەو شادییە

ئای لەو ژیانی پڕ ئازادییە

کە بێن و بچن بەدڵی خۆتان

گیانی باخەوان ڕێی هات و چۆتان

ئاخ هەوری چڵکن لە ئێوەی کردم

بەلافاوی سوور بۆ دووری بردم (دیوان، 2004: 77)

گەڕانەوە بۆ ساتی یادەوەری کۆششی باوکێك کە هەموو ئاواتی بریتییە لە خۆشگوزەرانی ڕۆڵەکانی، دیارترین شەقڵی جوداکەرەوەی ئەم کۆپلەیەیە. شاعر پەنا دەبات بۆ بنەمای سۆزداریی بۆئەوەیکە بە خەیاڵی بگەڕێتەوە بۆ پێش زیندان و هەر بەو خەیاڵە دیوارە ئەستوور و دەرگا داخراوەکانی زیندان تێپەڕێنێ و خۆی لەو هەلومەرجە زەلیلییە قوتار بکات، بۆیە بنەمای سۆزداری لەم بڕگەیەدا لە چوار ڕووگەی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە: **ڕووگەی یەکەم:** سۆزی بەرجەستەبوو لە ئەرکی باوکایەتی کە هەردەم شاعر (وەك باوك) بەشێك بووە لە ساناکردنەوەی ژیانی جگەرگۆشەکانی، هەوڵوتەقەلای بەردەوامی بریتیی بووە لە هێنانەدی خۆشگوزەرانی بۆیان، ئەوەتانێ وەك چۆن باخەوان گوڵوگوڵزار و بەروبوومی باخچەکەی دەپارێزێت و ناهێڵێت هیچ کەس زیانیان پێبگەیەنێت، هەرواش شاعر بووەتە باخەوانی جگەر گۆشەکانی. لە هەمان کاتدا هەر بەوەوە ناوەستێ بەڵکو بە برژانگی چاوی باخچەی بۆ ئەکێڵان و بەئارەقی ناوچەوانی ماندوێتی و شەکەتی گیانی خۆی ئاوی باخەکەیانی ئەدا. بۆئەوەی لە ئایندەدا ببێتە بەهەشتیکی ڕازاوە بۆیان.

**ڕووگەی دووەم:** سۆزی بەرجەستەبوو لە میانەی بینینی بەرهەمی ماندووبوونەکەی خۆی بۆ

جگەرگۆشەکانی، لە قۆناغی دووەمدا کە بەری باخچەکە پێگەیشت، ئیدی شەش پەپوولەکانی دەچنە ناوی و ئەوەندە گوزەر دەکەن بەناویدا هەتا باڵەکانیان ماندوو دەبێت، و گەشت و سەیران بەناویدا دەکەن و بۆنی خۆش مێشکیان قان دەدات.

**ڕووگەی سێیەم:** سۆزداریی بەرجەستەبوو لە دابەشکردنی ژیانی پەپوولەکانی جگەگۆشەی شاعر، ئەوەتانێ دەیەوێ کاتەکانی ژیانیان بە دوو شێوە دابەش بکەن، بە ڕۆژ لە باوەشی گوڵ

و گوڵزاری باخ و بێستانەکەی شاعردا بن کە ساڵەهایە خۆی پێوە ماندووکردوە و بە ئارەقی شەکەتیی خۆی بۆی فەراهەم کردووەن، بەشەویش لە کۆشی گەرمی توێی دڵی شاعدا بن، هەتا ئەوەی یەك سات دوور نەبن لە سۆزی باوکایەتی شاعرەوە، و چیتر زیندان نەبێت لەمپەر لەبەردەم جوداکردنەوەی سۆزی باوکایەتی لە جگەگۆشەکانی بۆ هەتا هەتایە.

**ڕووگەی چوارەم:** لەدوای ئەو هەموو گەڕان و خەیاڵە بەناو توو ناوتوونەکانی سۆزداریدا، شاعر دەگەڕێتەوە ناو زیندان، و پێمان دەڵێت: شەو تا بەیانی گریە و زارمە لەبەر دووریم لێیانەوە، هیچ جگەیەك نییە خۆی تیا بگرم، بۆیە دواجار ڕوو ئەکاتە پەپوولەکانی و پێیان دەڵێت: پەپوولەکانم.. هەرخۆم ئەزانم لە چ هەلومەرجێکی سۆزداری خراپدام، برینەکانم ئەوەندە قوڵن سارێژ نابن، بۆیە ناسۆری برینەکانم هەموو دونیایان لێهێناومەتە یەك.

وەچەپاری سێیەم: بنەمای ئایدیۆلۆجی: ڕەنگە شوێنێکی دیکە نەبێت وەکو زیندان کە بواری مرۆڤ بدات بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان لە ژیان، و وەرگرتن و باسکردنی پەندەکان و پەیبردن بە دەروون و پتەوکردنی ئاوەز و دانایی وەرگرتن، چونکە زیندان شوێنی تەنهایی و بێدەنگییە، بۆیە لە شعری زیندانیدا بۆچوونی بەهێز و ئەزموونی ئایدیۆلۆجی پێگەیشتوو بەدی دەکەین، چونکە لە زینداندا هاوەڵان تاقیدەکرێنەوە و کات و ساتەکان دەگۆڕێن، بۆیە لەو کاتانەدا کانگای دانایی دەتەقێت بە شعری لێوردبوونەوە کە تیایدا شاعر ڕەخنەی خودی دەگرێت یان بۆچوونی گشتگیر دەخاتە ڕوو کە دەشێت بۆ هەر کەس وەك خۆی بێت، بەتایبەت ئەگەر مرۆڤ لە دوو باری جیاوزدا بگوزەرێت، واتا لە ژیانێکی خۆشەوە بگۆڕێت بۆ نەهامەتی(البزره، 1979: 225). لە قەسیدەی (شەش پەپوولەکەم)ی کاکەی فەلاحدا بەڕوونی ئەم بنەمایە دەبینین، ئەوەتانێ **دەڵێت:**

لەو ڕۆژەوە من دوورم لە ئێوە

هەر خۆم ئەزانم دڵ چەند پەشێوە

هەر خۆم ئەزانم کام بڵێسەی خەم

لە دەروونەوە بەربۆتە جەستەم

هەر خۆم ئەزانم دەردی دڵی خۆم

توخوا با هەر خۆم بۆخۆم خەم بخۆم

هەر خۆم ئەزانم چەند بەسەرسامی

گرتوومە ملی ڕێی بێ ئارامی

دەس لەناو دەستی دڵەی ڕەنجەڕۆم

بەڕێی دڕکاوی مەینەتا ئەڕۆم

وەك مارانگەستە زامم پل ئەدا

بە ڕۆژ و بەشەو تەپاوتل ئەدا (دیوان، 2004: 78)

دەردی دڵی شـاعر تەنها خۆی دەتوانی گوزارشـتی لێبکات، چونکە بیرۆکەکە تەنها هزری خۆیدا گەڵاڵە بووە، ئەو بیرۆکەیە مەڵۆبووی ئەزموونی زیندانە، بۆیە شــاعر دوای تێپەڕبوون بەو ئەزموونەدا، بە (بڵێسەی خەم) ناوزەندی دەکات، واتە هێدی هێدی لە پشکۆوە گۆشی کردوە هەتا گەیشتۆتە ئەم قۆناغە و ئیدی بۆتە بڵێسە، لەوەش زیاتر ئەو بڵێسەیە کەزادی پەرچڤەبوونی بیر و ئەزموون و لێکترازانی خوێشانە (لە دەروونەوە بەربۆتە جەستەم)، لە ئەدگار و ڕەفتاری شـاعردا ئاوەژوو دەبێتەوە. قۆناغی بیریی دواتر گوزارشتکردنە لەو سەرسامییەی شاعر دەریدەبڕێ لەمەڕ ئەوەیکە ڕێگەیەکی گرتۆتە بەر چیتر ئارامی پێنابەخشێ، چونکە ترازان لە جگەرگۆشەکانی هەردەم مایەی ئازار و نەهامەتی بووە بۆ شاعر، وێڕای ئەوەی ئارامیشـی لەبەر هەڵگرتووە. بەڵام ئەوەی هێز ئەدات بە شـاعر ئەوەیە کە توونـد دەسـتی خستۆتە دەستی دڵی ڕەنجاوی، لێرەدا شاعر دڵی خۆی چوواندووە بە مرۆڤێکی ڕەجاو، دواتر مرۆڤەکەی لابردوە و یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی داناوە کە بریتییە لە وشــەی (دەســت) و داوێتییە پاڵ (دڵ)ی، بەمەش وێنەیەکی جوانی نووانـدوە کە زانایانی زانستی ڕوونبێژی پێی دەڵێن (خواستنی ڕاشکاو)، بۆئەوەی پێمان بڵێ: هێزی گوزەرکردنم ماوە و هێشــتا بێ هیوا نیم، بەڵام ئەو هیوایەم دڵی شــکاو و ڕەجاوە و ئەو ڕێگەیەی پێشــیدا دەڕۆم ڕێگەیەکی دڕکاوی و گران و مەینەتئامێزە و وەك مارانگەســتم لێهاتووە و بوومەتە خاوەنی ئەزموون، و بەردەوام زامی قووڵم پل ئەدات و ئەژێتەوە و ئازارەکەی نوێ دەبێتەوە، بۆیە ئەو ئازارە ناهێڵێ بحەوێمەوە و بەردەوام تەپاوتل ئەدەم.

**ئەنجام:**

دوای تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

لەبەر ئەوەی سروشتی زیندان بەجۆرێکە مرۆڤی زیندانی دەکاتە مەلێکی تەریك کەسەرجەمئازادییەکانی لێ زەوت دەکات، بۆیە ئەو شعرەیکە لە زینداندا لە دەئافرێ شعرێکە
یەکەم سیمای دیاری بریتییە لە دەرخستنی ئازاری دەروونی شاعر، ئەم دەرئەنجامە کاتێك
ڕاستە کە مەرجی شعری زیندانی لە دەقەکەدا هاتبێتە دی، کە ئەویش بریتییە لەوەیکە دەقە
شعرییەکە لە زینداندا نووسرابێت.
لە قەسیدەکەی کاکەی فەلاحدا زۆر بەڕوونی دەتوانین بنەمای سۆزداریی هەر لە ناونیشانی قەسیدەکەوە (شــەش پەپوولەکەم) هەتا زۆربەی هەرە زۆری بڕگەکانی قەســیدە بەدی بکەین، بێگومان هۆکاری بنەڕەتی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دووری شــاعر لە جگەرگۆشــەکانی و خەمی ئەوەیەتی کە ناتوانێت وەك پێویســت ئەرکی باوکایەتی لەو دوورە دەســتەوە بەجێبێنێت، بۆیە پەنا بۆ خســتنەڕووی بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی دەبات لە ڕابردوودا و دەیەوێ بە ڕۆڵەکانی بڵێت: ئەگەر ئازادبوومایە و لەناوتاندا بوومایە بە هەمان گوڕ و تینی جاران ئەو ئەرکەم جێبەجێ دەکرد و هەمان سۆزم دەبوو بۆتان.

ئەوەی گرنگە لەم قەسیدەیەدا ئەوەیە کە شاعر لەگەڵ ئەو خراپییەی باری دەروونی و لەگەڵ هەلومەرجی باری سۆزداریی، و ئەو هزر و بیرەی ئەفرێنەری بیرۆکەیەتی لە زینداندا، لە بڕگەی کۆتایی قەسیدەکەیدا جارێکی تر لە ڕێگەی ئاوەزەوە هێز دەداتەوە بەر خۆی و دەست دەخاتە نێو دەستی دڵی ڕەجاوی و بە ڕێگەیەکی دڕکاویی پڕ مەینەتی و بێئاراميدا گوزەر دەکات، ئەگەرچی ئەزموونی زیندان وەك مارانگەستی لێکردوە، و ناهێڵێ پشوو بدات، بەڵام هەر بەردەوامە لە ڕۆیشتن بەرەو کەناری ئازادی لە پێناو گەیشتن بە پەپوولەی ئازادی و جگەرگۆشەکانی.

## ÇAVKANÎ / REFERENCES

خەزنەدار (2006): مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

دیوانی مەحوی: مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و موحەممەدی مەلا کەریم، سەرپەرشتی چاپی نوێ: عەتانوڵای حەواری نەسەب، کتبخانەی ملی ئیران.

دیوای کاکەی فەلاح (2004): ئامادەکردنی: بنەماڵەی شاعر، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

البزرة (1985): الأسر والسجن في شعر العرب (تاريخ ودراسة)، مؤسسة علوم القران، سوريا، ط1.

الحيدري (2001): نجوى، شعر السجون، www.tunpresse.com، بتاريخ: 2001/9/16.

دير-حجام (د.س): نضيرة و سميرة، شعر السجون في البنية الاندلسية.

زغينة (2006): محمد، التناص في شجنيات مفدي زكريا، مجلة البحوث والدراسات، العدد، 3.

الصمد (1995): واضح، السجن وأثرها في الاداب العربية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

فصيح (2008): مقران، البناء اللغوي لشعر السجون، منشورات بونة، عنابة، الجرائر، ط1.

المعوش (2003): سالم، شعر السجون في الأدب العربي الحديث، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ط1.

## ÇAVKANÎ / REFERENCES

Abu Ubeyît Abdulla Zîyab, Hozan Nûxazî li devera Badînan ji destpêkê heta sala 2000, weş: Wezareta Perwerdê, Hewlêr, 2005.

Aso, Omer Mustefa, Beha Îstatîyekanî Şî'r lay Pîrmêrd û Şêx Nûrî Şêx Salih û Goran, Weş: Xanî, Duhok, 2009.

Azad, Ahmed Mehmud, Bunyatî ziman le şi'rî hawçerxî Kurdî da, 1985-2005, Hewlêr, 2009 Xazinadar (2006), Marif, Mêjûy edebî Kurdî, Bergî Haftam, Weş:Aras

Dîwanî Mahwî, Mela Mehemedî Kurî mela Osmanî Balxî, lêkolînewe û lêkdanewe: Mela Abdulkarîmî Muderîs û Mela Mehemedî Mela Karîm.

Dîwanî Kakey Falah (2004 ), amadakirdin: Binemaley Şaîr, weş: Berêweberayetî Gîştî Rewşenbîrî, Silêman.

El-bezre(1985):el-eser u el-secin fi şeir Erebi El-Erebi, Muesis Îlûmel-Qûran, Sûrya, R.1.

El- Hayîderî (2001), Necwa, Şeîr El-sicûn www.tunpresse.com,16-9-2001.

El- Muaş (2003 ),Salim,Şair El-sicun Fî El-edeb Erebî El- Hadis, Dar el- Nehse, Beyrût, Libnan, R.1

Zebari, R.I.K, Huseein. B. R, Abdulrahman. L. M, Ameen, S. T. M,( 2022).*Lêkolînek Li Ser Rojnamegerîya Kurdî Ya Lıı Başûrê Kurdistanê,* Kurdiname, No: 7, R. 128

Zebari, R. I. K., ve Babayiğit, M. V., (2022). Dîrok a Rexne ya Edebî ya Kurdî li Başûr. *Kadim Hikmet Uluslararasi Bilimler Dergisi, 6*, 28-44.

Rik Zebari, Br Huseein, Sufism in classical Kurdish poetry:(Poems on Hariri as a model), Qalaai Zanist Journal 8 (4), 461-497

Xazî, Çinar Sadîq, Arasteyên Teknîkî di şî'rî Nû ya Kurdî de devera Behdînan Bedirxan Sindî weke Nûmûne, weş: Hacî Haşim, Hewlêr, 2008.

Zebari, R. I. K. & Babayiğit, V. (2022).*Diroka Rexne ya Kurdi li Rojova*. Mesopotamia JournalofInterdisciplinary Studies, 2(2), 102-109. DOI: http://dx.doi.org/10.29228/mjis.66398

Zebari, R. I. K. & Babayiğit, M. V. (2021). Kürt Gazeteciliğin Edebiyat Eleştirisi Üzerine Etkisi: 1991- 2003 Güney Irak Örneği. Mesopotamia Journal of Interdisciplinary Studies, 1(1), 68-76. DOI: 10.29228/mjis.54692